# بڕیار

سەرکۆت و پێخواسەکان

کۆبوونەوە

لە کۆنگرەی

هەڕەشەدا

لە ئەنجامدا بڕیاریاندا

قەدەغەیە

پێکەنین و زەردەخەنە

ئای چەندم پێکەنین

لا خۆشە

زێتر تامەزرۆی

زەردەخەنەم

لە وەتی هەم

هەست بە بوونی خۆم دەکەم

تاکوو ئێستا

تێر تێر پێنەکەنیمە

زەردەخەنەم لەسەر لێوی خۆم

نەدیووە

بەڵام ئەگەر

هەر وەك كونجی

له ناو  جۆنیدا بمکوتن

هه ر پێ ده‌که نم

هه ر  تامه زرۆی

زه ر ده خه نه م

خالید  شه یدا  /1980